# چۆن ڕۆژنامەکانمان پڕ فرۆش بکەین

**تامان شاکر**

له دوای راپەرینی به هاری سالّی 1991 ڕێژەیەکی زۆر گۆڤارو ڕۆژنامەو تیڤی و رادیۆو بەرێوەبەرایەتی راگەیاندمان دامەزراند. تەنانەت هەرحیزب و ڕێکخراوێکی بچوکیش شتێکی هەر هەیە بۆ سەرگەرمی خۆی و بلأوکردنەوەی چالاکی حیزبەکەی ، هەندیك له ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش خاوەنی ڕۆژنامەن، کەسانی واش هەن دەرزەنێك ئیمتیازیان بەناویانەوە هەیە،و ڕۆژانەش خەڵکی روو له وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکەن بۆوەرگرتنی مۆڵەت بۆ ڕۆژنامە یان گۆڤار، ئەمە تا ئێرە ئاساییە،شوکر میلەتەکەمان هۆشیارە،لە ناو ئەو هەموو ڕۆژنامەو گۆڤارانەشدا تەنها چەند دانەیەك کە لە پەنجەکانی دەست تێپەر ناکات، دەفرۆشرێن، ئەوانەی کە خوینەریان نیە دەنێردرێن بۆ لای ئوتوچی و بۆیاخچییەکان و ئەوانیش به کاری دێنن له بۆیەکردنی ئۆتۆمۆبیل و پیچانەوەی جل و بەرگ، هەندێکیشیان خێزانەکان دەیکەن بە سفرەی نان خواردن.
مەبەستی من لەم بابەتە ئەوەنییە کە ماندوو بوونی کەس بخەمە ژێر پرسیارەوە، بەڵام ڕۆژانە قسەو باس هەیە لەسەر زۆر و بۆری ڕۆژنامەکان، کە نافرۆشرێن و دەمێننەوە تەنانەت هەندێك نوسینگە تاقەتی کۆکردنەوەی ڕۆژنامە نەفرۆشراوەکانی خۆشی نییە.
لە راستیدا دەرکردنی ڕۆژنامە پلان و عەقلی گەرەکە، تا ئێستاشی لەگەڵ بێت کار لەلای ئێمە بەبێ پلان و بێ بیرکردنەوە دەکرێت و دەروات بەرێوە، ئێمە تەنها لە چەند شتێك نەبێت کە زۆر بایەخی پێدەدەین لە پێناو دەوڵەمەندکردنی مادی خۆمان بیری باشی بۆ دەکەینەوە، بەڵام بۆ دەوڵەمەندکردنی عەقڵ و مەعریفە هیچ پلانێکمان نییە.
ڕۆژنامەیەك کە ئەو هەموو پارەو ماندووبوونەی بۆ دەکرێت دەبێت لەو ئاستە دابێت کە خەڵك حەز بە خوێندنەوەی بکات و بە دواییدا بگەرێت، با واز لەوە بێنین کە ئێمە وەك کۆمەڵگەی کوردی کلتووری ڕۆژنامە خوێندنەوەمان نییە، هەندێکیشی خەتاکەی دەگەرێتەوە بۆ حکومەت کە نەیتوانیووە، میکانیزمێکی گونجاو بۆ دابەشکردنی ڕۆژنامەکان لە شارەکاندا بدۆزێتەوە، لە گەرەکەکان دەیان دوکانی سەوزەو میوەو رۆن و برنج و ساردەمەنی فرۆشتن هەیە، بەڵام تاکە یەك ڕۆژنامە فرۆشی تێدا نییە، کەواتە تەنها ئەو کەسانە دەتوانن ڕۆژنامە بکڕن کە حەز بە خوێندنەوەی دەکەن و بواری چوونەدەرەوە لەماڵیان زۆرە، ئەوانەشی کە ناتوانن روو لە بازار بکەن، لە خوێندنەوەی ڕۆژنامەکان بێبەشن ،بۆیە هیچ ڕۆژنامەیەك ناتوانێت خۆی بەرێوە بەرێت، ناچار داوای یارمەتی لەم و لەو دەکات. ئەو ڕۆژنامانەش کە زمان حاڵی حیزبن،
سەرنووسەری هەندێك ڕۆژنامە و گۆڤاریش، ئەگەر تاکە یەك ژمارەشی لێنەفرۆشرێت بە خەیاڵیاندا نایەت، چونکە ئەوان پارە لە حکومەت وەردەگرن و لە سەر ئەوە نەوەستاون بازاریان هەبێت، یان نا، سەیرەکە لەوەدایە حکومەت وحیزب راستەو خۆ یان ناراستەو خۆ خاوەنی هەموو شتێکن لەم ولاتە هەر لە ڕۆژنامەو تیڤی وریکخراوەکانی ژنان و کۆمەلگەی مەدەنی ............هتد دەتوانم بڵێم لەم کوردستانەدا گۆڤارێك ڕۆژنامەیەك نییە پارە لە حیزب یان حکومەت وەرنەگرێت،لە لایەکی تریشەوە کەس نایەوێ یان ناوێرێ دان بەوەدا بنێت کە ڕۆژنامەکەی یان گۆڤارەکەی بێکەڵکەو خوێنەری نییە و واز لە دەرکردنی بهێنێ . چونکە زۆرینەیان لەگەڵ وەستانی چاپکراوەکەیاندا گیانیان دەوەستێت و گیرفانیان بەتاڵ دەمێنێ،بۆیە زۆر لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، بابەتی سواوەو کرچ و کاڵ و نووسینی دووبارە بۆوە کە بە شێکی لە وتارە وەرگیراوەکانی ئینتەرنێت دادەبەزێنن وەك ئەوە وایە ئێمە ئینتەرنێتمان نەبێت، هەندێك لە ڕۆژنامەکانیش تەنها ناوەکانیان

جیاوازە جاری وا هەیە بابەتەکانیان هاوشێوەیە، لێرەدا بڵاوکراوەکان نرخی خۆیان لەدەست دەدەن و خەڵك حەز بە خوێندنەوەیان ناکەن.

کەواتە هیچ بیرکردنەوەیەك نییە بۆ چۆنییەتی ساخکردنەوەی رۆژنامەکان، چونکە کەس ترسی لە پارە نییە، کام سەرنووسەر بیری لەوە کردۆتەوە بە تایبەتی ئەوانەی رۆژنامەکانیان نافرۆشرێت، بە خۆرایی رۆژنامەکانیان دابەش کەن لە گەڕەکەکانی شاردا، من دەزانم ئێستا دەڵێن تامان شێتە بەنزین بەو گرانییە کێ تاقەتی دابەشکردنی رۆژنامەو گۆڤاری هەیە،باشە خۆ ئێوە دەتوانن لە لای سەوزەو میوەفرۆشەکان ،نان فرۆشەکان دایبنێن و بە خۆرایی بیدەن بە خەڵك لێرەدا سوود بە دوولا دەگەیەنن یەکەم بە وانەی حەز بەکڕینی رۆژنامە دەکەن و دەستیان پێی ناگات بە تایبەتی ژنان.

دووەم خەڵك فێری رۆژنامە خوێندنەوە دەکەن، من دڵنیام ئەگەر بە خۆرایی دابەشی بکەن خەڵك شەڕی لەسەر دەکەن، ببورن تەنها بیرکردنەوەتان کەمە لەم بوارەدا ، لە دونیایی دەرەوەدا هەفتەی دوو رۆژ رۆژنامە بە خۆرایی دەچێتەماڵەکان، راستە مەبەستێکی بازرگانی بەدواوەیە و پڕە لە رێکلام بۆ کەل و پەلی بازارە گەورەکان، لە هەمانکاتیشدا دەنگوباس و چالاکییە رۆشنبیری و سیاسیەکانی ئەوشارەی تیادابلاودەکرێتەوە،ئەوە بێجگە لە ئاسانکاری بۆ بەکریدانی خانوو، فرۆشتنی کەل و پەلی ناومال، و ئۆتۆمۆبێل. جا باشتر وایە سەرنووسەرە بەرێزەکان لە جیاتی فرۆشتنەوەی تەنێك رۆژنامە بە بۆیاخچی و ئەوانی تر، هەنگاوێك بنێن بۆ پر فرۆشکردنی رۆژنامەکانیان، سەرەتا خەڵك فێری رۆژنامە خوێندنەوە بکەن، دواتر خەڵك خۆی فێری کڕینی رۆژنامەکان دەبێت، یان ئەوەتا واز لە دەرکردنی بهێنن و چش لەو چەند ملیۆنە کە وەریدەگرن .